# رۆژە هەرە تەڵخەکان

## (١٤)



کاتێك پیلانی رەشی جەزائیرمان بیست، هەتا ماوەیەك لە نێوانی خەونە و خەون نییە، گومان و بڕوا پێکردندا ماینەوە، کوردستان و شۆڕشە خوێناوییە بێ وێنەکەی لە هەر چوارلاوە گەمارۆ دراوە، هەمووان جگە لە خۆفرۆشان، تیادا مابوون و سڕبووی هەواڵەکە و ، ئاگر گرتووی قین وتووڕەیی، بەڵام سەرۆکی سەربەرزی ئێمە، چونکە سەراپای تەمەنی قاڵی ئەزموونی هێرشی نەیاران و پیلانی چەپەڵی دوژمنان بوو، زۆر دانایانە بە رووی ئەو تراژیدیایەوە چوو، لای ئەو کارێکی سەیر و نامۆ و نوێ نەبوو، بەڵکو دووبارە بوونەوەی رووداو و مێژووە بەسەرچووەکان بوو.

ئەوەی خەمی گەورەی بوو بە پلەی یەکەم چارەنووسی ئەو ژمارە زۆرە ئاوارانەی پتر لە چارەگە ملیۆنێك ئەبوون، کە پتر پیر و پەککەوتە و ژن و منداڵ بوون، هەروەها ئەیزانی گەلی کورد بە چ مەرەیەکی خراپ ئەچوو، بۆیە بەوپەڕی واقعبینانە هەنگاوی نا، دەستبەرداری خەباتی چەکداریی و بەردەوامیی خەباتی سیاسی و رۆشنبیری، واتە بەردەوامی شۆڕش، ئەوە بوو کرایە قۆناغی گواستنەوە لە شۆڕشی (ئەیلوول)ـەوە بۆ شۆڕشی (گوڵان). دەنا هیچ کاتێ بارزانیی نەمر سڵی لە جەنگ و مەرگ نەکردۆتەوە، بەڵام گیانی هەر کوردێك لە لای ئەو باوکە لە گیانی خۆی ئازیزتر بوو.

شۆڕش لە دڵ و بیری بارزانیدا لە ئاگرەکەی بابەگوڕگوڕ بەردەوام و زیندووتر بوو. گرووپەکەمان بەڵکو سەرجەم گرووپەکانی هونەری شۆڕش، کە لە گەشتی هونەریی ئۆردوگاکاندا بووین، هەمووان کۆستمان کەوتبوو، هەر رادیۆیەك و دە کەس گوێی پێوە چەسپ کردبوو، تەنها بە چاو ئەدواین و هەموو ئاخافتنەکانیش یەك شت بوو.

شەو داهات ئەو برایانەی بەرپرسیارێتییان هەبوو، لە ژوورێك کۆبووینەوە، ئاکام بڕیار درا، چەند کەسێکمان وەك لە زەینما مابێ، کاکە مەم بۆتانی و نوری وەشتی و من راسپێراین برووسکەیەك ئاڕاستەی بارەگای پیرۆزی بارزانیی نەمر بکەین، زۆر بە خوێنگەرمانە هۆنرایەوە کە ئێمەی هونەرمەندانی شۆڕش ئامادەیی خۆبەخت کردنین و بەرەنگار ئەبینەوە.. بەهەرحاڵ کار لە کار ترازا بوو، ئەوە قەدەری سەرۆك و گەلەکەمان بوو.

خۆمان گەیاندە پێنجوین، ئیتر تەنها رێگای خۆدان بە دەستەوە بوو، واتە چوونە سای رژێمەوە، من بەش بە حاڵی خۆم بێژم لە رژێمی شای بەرباد ئەبووەوە، مەرگی خۆمم پێ رەواتر بوو، نەك چوونە سای ئەو شایەی گەورەترین کارەساتی بەسەر هێناین.

کاتێ گەیشتینەوە بارەگەکانمان رووەو بارەگای هێزی (خەبات) چووم، باوکەڕۆ زۆر وێران بوو! چاوم بەو نەبەردانەی وەك شەهید فەتاح ئاغا و شەهید نوری حەمە عەلی و شەهید مەجید سوڵتان کەوت، کە

# ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

## ئەحمەد سالار

مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

هەر ئەتگوت ئەو شـــێرە زامدارەن کە بـــە بەرچاویانەوە بێچووەکانی کوژراوە.

ئەوەی لە نزیکەوە لە پێشـــمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی هێزی (خەبات) و هێزی (ئەزمڕ)م بینی هەموویان مەرگیان بۆ خۆشـــتر بوو. دیارە ئەوە رای هەر هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان بوو، ئەو شەوە چۆن لە ئێمە رۆیشت، لە کەس نەڕوا، هەر ئەتگوت شەو بۆتە مێردزەمەیەکی ترسناك و نینۆکەکانی لە گەروومان گیر کردبوو.

بـــۆ بەیانی بڕیاری گەڕانەوەمان دا، جارێ بەر لە گشـــت کارێ دۆلابێکی ئاسنی گەورەم لا بوو، کە چی دۆسییە و تۆمار و نهێنی رێکخراوی (یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان) بوو، لە سەرەتاوە هەتـــا ئەو رۆژە لە ژوورەکە هێنامە دەرێ و نەوتم بەســـەردا کرد و ئاگرم تێبەردا، دانیشتم بە دیارییەوە هەتا دوایین لاپەڕەی دامردەوە، نەبادا دەست دوژمنان بکەوێ.

ئەوســـا بۆ دواجار ئاوڕم لە گوندەکە دایەوە و بە ســـەڵتی کەوتمە رێگا، پاشـــان لەگەڵ حاجی برام و چەند هونەرمەندێکی گرووپەکە بـــە پێ ملی رێگامان گرتە بەر. دیارە پارەی ئۆتۆمبیلم پێ نەبوو، هەرچەندە هەمیشـــە بۆ تەنگانە ئەموستیلەیەکی زێڕی تۆکمەم لە پەنجـــە ئەکرد، بەڵام بەر لە ماوەیەك فرۆشـــتبووم، مانگێك بەر لە کارەســـاتەکە، دایکی ئەندامێکی گرووپەکەمان ســـەردانی دایکمی کردبوو، کە سەردانی کوڕەکەی ئەکات، ئەوسا دایکم بڕی دوو سەد دینـــاری دابوویێ کە بمداتێ، هەرچەندە ئەو ژنەشـــم بینی، بەڵام باسی نەکرد، تومەز لە مەریوان پارەکەی دابوو بە کەلوپەلی ئێرانی بۆ فرۆشتن.

هەرچۆنێ بێ، رێگامان گرتە بەر، شـــەوێکی درەنگ گەیشتینە ســـەر ئاوەکەی (قەڵاچوالان)، هەرچەندە ئاوەکە هەســـتا بوو، بەڵام بوارمان لێی بینییەوە و پەڕینەوە، پشوویەکمان بو داو هەتا گەیشتینە دەمەو سپێدە، نانێکی سەرپێی ئەوتۆمان خوارد، کەمێك بەری دڵمان بگرێ، پەیتا پەیتا خەڵکی بە لێشـــاو رێگایان ئەبڕی، رێگا بڕینێك کە نازانی چیت بەسەردێ.

لە تاقی نیوەڕۆدا پاش ماندووبوونێکی ئەژنۆ پســـێن، گەیشتینە گونـــدی (قڕگە)ی رۆژهەڵاتی ســـلێمانی، لەبەر بەرۆشـــکەیەك وچانمان بۆدا و ئیدی هەرچییەك پیادە بوایە، یان کاروانچی پرسیار و ســـۆراغی ئەوانەمان ئەکرد کە لەو چەند رۆژەدا گەڕاونەتەوە لە چیـــا، چ گرفتێکیان تووش بووە. چـــارە نییە و (هەرچییەك ئەبێ با ببێ)، کاتێ بە دیواری شـــاردا شـــۆڕ بووینەوە، چایخانەیەکی پەرپووتی لێ بوو. چەند پۆلیسێ بە کەمالی ئیسراحەتەوە خەریکی دۆمینە بوون. لە خوارەوە مەخفەرێکی پۆلیس بوون خەڵك ریز کرابوون و ناونووس ئەکران و دەســـتە دەستەش سواری لۆری زیلی سەربازی ئەکران و رەوانەی ناو شار ئەکران، ئێمەشیان سەرخست و بە ناو شاردا بردیانین بەرەو بارەگای (فرقە) کە جاران شـــوێنی نزرگەی خدری زیندە بوو، خەڵکی ئێوارانی چوارشەممە مۆمیان لێ دائەگیرساند، کاکە (حەســـەن گەرمیانی)ی هونەرمەندیش لە تەنیشت منەوە بوو. خواخوامـــان بوو کەس نەمانبینێ و نەمانناســـێتەوە، خەڵکەکەش بە لێشـــاو رژابوونەوە ئەو ناوە. بە ریز بە بەردەمی گرووپی وێنەگرتنی تەلەفزیۆنیدا براین. وێنەگرەکەم ناسییەوە، لە ئەکادیمی قوتابی بوو (وەلید)ی ناو بوو، دیارە بە هۆی سەر و جامانەکەمەوە سوپاس بۆ خودا نەیناسیمەوە، پاشان دەستە دەستە براینە ئەو بەرەوە کە بەڕێوەبەرایەتیی (ئەمن) بوو، هەریەکە فۆرمێکیان داینێ کە هەشـــتا پرسیاری تیا بوو، ئەبوو وەرامی بدەینەوە. پاشـــان پسوڵەی دەستبەردارییان داینێ و هاتینە دەرێ. هەر لە شـــەقامەکە (کاك بەهادین عەلی رەشە) کە زاوامە چاوەڕوانمان بوو، بردینیەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام هێندە ســـەیری دڵتەنگییەکەی ئەوم ئەکرد، ئەوەندە سەیری دەوروبەرم نەئەکرد! منێك چەندین جار خەونم بە بەردەرکی سەرا و رەشەباکەی شارەوە ئەبینی، ئەوە من نەبووم کە هەر ئاوڕیشـــم لێ نەئەدایەوە، گەیشتینە ئاستی کۆڵانەکەمان لە گەڕەکی (تووی مەلیك) نزیك شەقامی (ئیبراهیم پاشا)، دایکم خێرا هەواڵی گەیشتینەوەی بیستبووین، بۆیە تاکێکی دەرگاکەی خســـتبووە سەر پشـــت، ئای لەو سات و وەختەی دەستم کردە ملی دایکم و وەك منداڵێکی ساوا دامە پرمەی گریان، چووینە ژوورێ باوکم لە هەیوانەکە چاوەڕوان بوو، دەســـتەکانیم ماچ کرد و دیـــارە دایکم ئەیزانی حەزمان لە چ چێشـــت و خواردنێکە بە دڵ و گیان لێینابوو، ئێمەش چونکە گەیشـــتبووینە نزیکەی عەسر، بۆیە تەواو برسیمان ببوو، چووینە سەر مێزی خوان و بۆن و بەرامەی ئەو (تاســـکەبابی)یەی ئەهات کە بەتایبەتی لێیئەنا و بۆن و بەرامەی حەوت گەڕەك ئەڕۆی. پلەگۆشـــتی بـــەرخ و پلە دووگ و پیازی فیچقەی بە توولەداری هەنارەوە ئەکرد و چین چین بە داو دەرمانەوە دائیەچەنی، لەگەڵ قوبوڵی برنجی بازیان و چەشنەها شلە....

پاش نانخواردن، گەرمـــاوی (جەهەننەمی)مان هەبوو، داغ ببوو، خۆشتنێ بە هەموو ئەو ساڵە خۆشتنی وام بەخۆمەوە نەدیبوو، پاشان جلوبەرگی خاوێنم پۆشـــی و وتم ســـەرخەوێکی بۆ بشکێنم، بەڵام هەر ئەوســـەر خەوە پتر لە حەوت سەعاتی خایاند، بەڵام هەر وڕی و کاســـی کارەســـاتەکە بەری نەدابووم، بۆ بەیانی وەك جاری جاران خـــۆم گۆڕی، بەڵام هەر قاتم تاقی ئەکردەوە بە بەرم دەڵپ و گەورە بوو، ئەتگوت قەرزم کردوون، کەوتمە پێشـــوازی دۆســـت و خزمان، کاکـــە (حیکمەت هیندی) کە زۆر بیـــری یەکترمان ئەکرد هات و بەخۆشـــییەوە نەوەستا منیشی خستە گریان، ئەوەی لە هەموو شتێ ناخۆشتر و گرانتر بوو، گێڕانەوەی مایەی کارەساتەکە بوو.

**هیچ کاتێ بارزانیی نەمر سڵی لە جەنگ و مەرگ نەکردۆتەوە، بەڵام گیانی هەر کوردێك لە لای ئەو باوکە لە گیانی خۆی ئازیزتر بوو**



# مننە فەزالی: لەبەر خۆشەویستیی منداڵ رەنگە ژیانی هاوسەری پێکبهێنم

خانمە ئەکتەر مننە فەزالی رایەگەیەنێت کە تووشی گرێیەکی دەروونی بووە بەرامبەر بە پیاوان و هەر ئەمەش بووەتە هۆکارێك بۆ ئەوەی بیر لە ژیانی هاوسەرێتی نەکاتەوە، بەڵام لە شێوازی دەرکەوتن و جلوبەرگی زۆر وریایە و نایەوێ ببێتە ئامانجی رەخنەگران، بەتایبەتی ئەوانەی رەخنەی رووخێنەر بەرامبەر بە ئەستێرەکان بڵاو دەکەنەوە و زۆر لە رەخنەکانیان بێ مانان.

لە بارەی ژیانی هاوسەرێتییەوە مننە دەڵێ: یەکێك لە ئاواتەکانی دایکم ئەوەیە کە ئەمساڵ بە جلوبەرگی بووکێنی بمبینێت، هیوادارم بتوانم ئەمساڵ خەونەکەی بەدی بهێنم، نەك تەنیا لەبەر خاتری دایکم، بەڵکو لەبەر ئەوەی یەکێك لە ئاواتەکانم ئەوەیە کە ببم بە دایك و لەوانەیە خۆشەویستیم بۆ دایکایەتی وام لێ بکات ئەمساڵ بچمە نێو قەفەسی زێڕینەوە، بەڵام تا ئێستا کەسێکی گونجاوم نەدۆزیوەتەوە.

دەربارەی مەرجەکانی ئەو کەسەش دەڵێ: گرنگترین شت بەلای منەوە ئەوەیە لە گەڵ من بگونجێت و لێکتێگەیشتن لە نێوانماندا هەبێت و گوێ لە بیروبۆچوونی یەکتر بگرین بۆ ئەوەی گرفتمان بۆ دروست نەبێت و ژیانمان تێك نەچێت، هیوادارم هاوسەرەکەم کەسێك بێت کە لە سروشتی کارەکەم بگات و پاڵپشتیم بکات لە کارە هونەرییەکانم و لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە کە رێز لە دایکم بگرێت و عاشقی منداڵ بێت وەکو من.

دەربارەی خراپترین پیاویش دەڵێت: ئەو کەسەی خیانەت بکات و چاوی لە ئافرەتی دیکە بێت لەو کاتەی کە خاوەن هاوسەر و منداڵە خراپترین و بەدترین کەسە، پێموایە ئەمە لە زۆربەی پیاوەکاندا هەیە و هەر ئەویشە وایکردووە کە تا ئێستا دوودڵ بم لەوەی بیر لە ژیانی هاوسەرێتی بکەمەوە.




# کیم کارداشیان رۆژانە ١٧٠٠ دۆلار لە مکیاژ خەرج دەکات

ماریۆ دیدیڤانۆڤیك ماکییری ئەستێرە و نمایشکاری جلوبەرگی ئەمریکی کیم کارداشیان هۆکاری جوانیی رووخسار و دەموچاو و دەرکەوتنی بەردەوامی کارداشیانی لە وێنەکان و بۆنە هونەری و کۆمەڵایەتییەکان، یان لەسەر فەرشی سووری فیستیڤاڵەکان ئاشکرا کرد.

ماریۆ لە لێدوانێکدا کە تا رادەیەك مایەی سەرسوڕمان بوو، رایگەیاند: کیم کارداشیان لە یەك دانیشتنی ماکیاژدا نزیکەی ٥٠ جۆرە کرێم و سووراو بۆ روومەت و لێو بەکاردەهێنێت کە خەرجی رۆژانەیان دەکاتە نزیکەی ١٧٠٠ دۆلاری ئەمریکین ئەمەش بڕە پارەیەکی زۆرە بۆ ئەستێرەیەکی ناودار.

هەر لەم بارەیەوە ماڵپەڕی (کلۆزەر ئێف ئێن ئار)ی فەڕەنسی ئاشکرای کرد جگە لەم بڕە پارە زۆرەی کە رۆژانە لە میکاژدا خەرجی دەکات و تا ئێستا بۆ هەموو لایەك شاراوە بووە، کیم چەند موحازەرەیەکی پێشکەش کردووە دەربارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی مکیاژ و چەند نهێنییەکی جوانی خۆی ئاشکرا کردووە، لەوانەش هونەری مۆنتۆریج کە تەکنۆلۆژیای بەکارهێنانی کرێمی سەرەکی کراوە و تۆخە لەگەڵ ٥٠ هەنگاوی دیکەی پێویست بۆ تەواوکردنی دانیشتنێکی سەرکەوتووی مکیاژ.



# خانەوادەی ئەمیتاب سانسۆری لەسەر دادەنێن

بـــە هۆی ناوبانگی زۆری لەســـەر ئاســـتی جیهان بە گشـــتی وایکردووە کە ئەمیتاب باتشان ببێتە یەکێك لەو ئەستێرانەی کە زۆربەی مارکە جیهانییەکان لە ریکلامەکانیان پشـــتی پێ ببەستن، ئەمە جگە لەو کارە هونەرییە بەردەوامانەی کە بەشـــداریی تێدا دەکات، ئەمەش کاریگەریی لەسەر ئەوە دەبێت کە نەتوانێت وەکو پێویست کات بۆ خانەوادەکەی تەرخان بکات.

ناوبانگـــی ئەمیتاب وایکردووە کە لە زۆربەی کارو چالاکییە هونەرییە جیهانییەکاندا ئامادە بێت و ســـاڵانە لـــە زیاتر لە ٣ فیلمـــدا رۆڵی هەیە، جا رۆڵەکەی ســـەرەکی بێـــت، یان لاوەکـــی و میوان، ئەم چالاکییە زۆرانە وایانکردووە کە خانەوادەکـــەی نیگەران بن و سنوورێك بۆ کارە زیادەکانی دابنێن، لەم بارەیەوە سەرچاوەیەکی نزیك لە خانەوادەی ئەمیتاب رایگەیاند کە بەشـــێکی زۆری ئەو داوەتنامانەی بۆ ئەمیتاب دێن لەســـەر ئاستی خانەوادەکەی گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت، بۆ ئەوەی بزانن تا چەند پێویستە بەشداریی تێدا بکات یان نا.

ســـەرچاوەکە زیاتر رایگەیاند کە ئەبهیشـــك باتشـــانی کوڕی زۆر جـــار داوا لە باوکی دەکات کە پەلە نـــەکات لە رەزامەندی دەربڕین لەســـەر بەشداریکردن لەو هەموو چالاکییە جۆراوجۆرانە لەبەر چەنـــد هۆکارێکی تەندروســـتی، بۆیە زۆر جار ناچـــار دەکرێ کە بەشـــداری لەو چالاکییانەدا نەکات.

سەرچاوەکە زیاتر ئاشـــکرای کرد: جگە لەوە ئەمیتـــاب زۆر چالاکـــە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییـــەکان و تـــا درەنگانی شـــەو ناخەوێـــت، ئەمـــەش کاریگەرییەکـــی بەرچـــاوی لەســـەر تەندروســـتییەکەی هەیە.

# چۆن هونەرمەندان دەڕواننە سرووودەکانی ئێستا؟

**دوای هێرشـــی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردســـتان زۆربەی هونەرمەندانیش پێشمەرگە ئاسا بە گوێرەی توانای خۆیان بە گۆرانی و سروودی نیشتیمانی دژی ئەم هێرشە دڕندانەیەی دوژمنان وەستانەوە و بە دەیان ڤیدیۆ کلیپ بەرهەمهات کە گوزارشتیان لە خەباتی پێشمەرگە و بەرگریی بێ وێنەی لە خاکی کوردستان دەکرد، هەروەها چەندین کورتە فیلم و فیلمی دیکیومنتی بەرهەمهێنران، بەڵام بەشێك لە هونەرمەندان و شارەزایانی ئەو بوارە بەتایبەتی گۆرانی و موزیك رەخنە و گلەییان لە بەشێك لە سروودەکان هەبوو و پێیانوابوو تەنیا بۆ کلیپ کردن و دەرکەوتن وتراون مەرجە پێویستەکانی سروودیان تێدا نییە، بۆیە بە پێویستمان زانی راو سەرنجی چەند هونەرمەند و شارەزایەکی ئەم بوارە وەربگرین.**



خانمە هونەرمەندی شـــاری ســـلێمانی نیان عەبدوڵا ئەویش بەم شـــێوەیە رای خۆی ســـەبارەت بە بابەتەکە خســـتەڕوو: پێویســـتە هەموو گەلی کورد هەر یەکە لە شوێن و پێگەی خۆیەوە پشتگیری لە پێشـــمەرگەی کوردستان بکات، دەستخۆشی لەو هونەرمەندانە دەکەم کە سروودیان بۆ پێشمەرگە وتـــووە، بـــەڵام تێبینیم کردووە لە نێو ئەم ســـروودانە کاری کرچ و کاڵیش هەیە، ســـروود هەر ئەوە نییە هۆنراوەیەك بۆ پێشـــمەرگە وترا بێت، بچیت ئاوازێکی بۆ دانێیت و تۆماری بکەیت، ســـروود زۆر لەوە گەورەترە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەو کەســـەی ســـروودێك دەڵێت، پێویستە لە بارەی شـــیعر و ئاوازەکە گونجانێك دروســـت بکات لە نێوانیان لە کاتی وتنی سروودەکە، هەروەها حەماس و رۆحیەتێکـــی تێدا بێت کە ببێتە هۆی ئەوەی حەماس بە گوێگر ببەخشـــێت، بۆ نموونە کاتێك ئێمە گوێمان لە سروودەکانی شڤان پەروەر و محەمەد جەزا و هونەرمەندانی دیکە دەگرت، جۆرێك لە رۆحییەتی شۆڕشـــگێڕی لە ناخی ئێمە دروست دەبوو، پێشـــمەرگە قارەمانەکانیش پێویستیان بەم جۆرە سروودانە بوو، بەردەوامیش گوێیان لێدەگرت، هەر ئەمەش دەبووە هۆی بەرزکردنی ورەی پێشمەرگە، بەڵام باوەڕ ناکەم ئێستا پێشمەرگەکان گوێ لەو سروودە کرچ و کاڵانە بگرن.



نازێ عەزیزی خانمە هونەرمەندی رۆژهەڵاتی کوردســـتان دەربارەی ســـروود و کاریگەرییەکانی دەڵێ: راستە بەشـــێك لە هونەرمەندان ســـروودیان بۆ پێشمەرگە گوت، بەڵام زۆربەشـــیان تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان و ناوبانگ دەرخســـتنی زیاتر گوتیان، یان نوێیان کردەوە، نەك بۆ پێشمەرگە، چونکە بە حوکمی ئەوەی لە نێو خەڵکدا بووم، ئەم قســـانەم لێیان دەبیســـت و دەیانگوت لە جیاتی ئەوەی بێن گۆرانییەك، یان ســـروودێك بڵێن، کارێکی دیکە بۆ پێشـــمەرگە بکەن باشترە، ئەوەی من تێبینیم کردووە ئەوەیە کە زۆربەی ئەوانەی سروودیان وتووە لەم ماوەیە، تەنیا مەبەستیان ناوبانگ پەیداکردنی زیاتر بووە.

من کاتێك لە رۆژهەڵاتی کوردستان بووم کە ژێردەستە و ئازاد نییە بە هۆی هەستی نەتەوایەتی و دوورەوڵاتی سروودم وتووە، بەڵام دوای ئەوەی هاتینە باشوور کە ئازادە، زۆر زۆر بەداخەوە بینیمان کە زۆر کەس قەدری ئەو ئازادییە و دەستکەوتەکانی نازانن. من پێموایە بەو شێوەیەی کە پێشبینییان کردووە لەلایەن خەڵکەوە پێشـــوازی لە سروود نەکراوە، بۆ نموونە زۆربەی خەڵك سروودەکانیان لەبەر نەکردووە، بەڵام پێشـــتر وانەبوو، هەموومان دەزانین کە پێشـــتر هونەرمەندان سروودیان وتووە و خەڵك شـــەڕی بەو ســـروودانە کردووە، من منداڵ بووم لە بیرمە کە خەڵك بـــە دەنگی محەمەد جەزا و شـــڤان پەروەر و ناسر رەزازی و میکایل شـــەڕی کردووە، بەڵام ئێستا وا نییە، چونکە سروودەکان کاریگەرییان نییە و بە دڵ ناکرێ، بۆ نموونە دەچن لە بەرەکانی جەنگ چەند گرتەیەك تۆمار دەکەن و دەیکەنە ڤیدیۆ کلیپ.



هونەرمەند قادر ئەسعەد کە ساڵانێکە لە بواری گۆرانیدا ناوێکی دیارە، وتی: کاری هونەری سروود بۆ خاك و نیشتمان کارێکی هێندە ئاسان نییە، تاکو بتوانی لە شەو و ڕۆژێکدا ئەنجامی بدەی. پێموایە سروودوتن دەبێت بە شێوەی کۆمەڵ بێت. مەبەستم کۆڕاڵی گەورە کە کۆمەڵێك دەنگبێژی باش سروودەکە بڵێن، هەروەها تێکستە شیعری شیاو و کاریگەر، ئاوازێکی ریتمی سروودی تایبەت و وێنەی تایبەتی پێویستە. سروودیش لق و پۆپی خۆی لێ دەبێتەوە.

قادر ئەسعەد هەروەها دەڵێ: بێسەروبەرییەکی زۆر هەیە و کە کێشە سەرەکییەکە نەبوونی خەڵکی پسپۆڕ و ئەکادیمییە لەم بوارەدا. دەتوانم بڵێم ئێمە هێشتا لە قۆناغی سەرەتادایین لە هونەری سروود، ڕاستە هەندێك هەوڵی تاك تاکە دراوە لێرە و لەوێ، بەڵام هەوڵەکان زۆر بە پەرتەوازەیی دراون، هەر کەسەو لەلایەن خۆی کاری بۆ کردووە، بە بێ گوێدان بە پرەنسیپ و مەرجەکانی بنەڕەتی سروود و هەندێکیان هیچ مانا نابەخشن، تەنانەت هەندێك سروودی وا وتراوە کە بە گوێگرتن و پەخشکردنیان مەترسییان لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت.



هونەرمەند عەبدولعەزیز سلێمان کە یەکێکە لە کەسایەتییە دیار و بەرچاوەکانی شاری زاخۆی دەلال و کوردستان بەگشتی و لە ئێستا و لە سەردەمی شەڕی بەرگری و خەباتی شاخیشدا چەندین سروودی بۆ هونەرمەندان ئامادە کردووە و شارەزاییەکی تەواوی لەو بوارەودا هەیە، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێ: ژیان و بوونمان وەك نەتەوە و وڵات پەیوەستە بە پێشمەرگە، لەم کاتەشدا هونەرمەند بە سروود دەتوانێت خۆشەویستیی خۆی بۆ کوردستان و پێشمەرگە دەرببڕێت، بەڵام هەموو کەسێکیش هونەرمەند نییە، بۆیە ئەوەی سروودێك بۆ پێشمەرگەش بڵێت دەبێ سروودەکە شایەنی ئەو ناوە بێت لە ڕووی ئاواز و تێکست و ئەدایەوە و تا چەند کاریگەریی هەیە، ئەگەر وا نەبێت، نەگوترێت زۆر باشترە، بەڕای من هەموو کەسێك پێویست ناکات سروود بڵێت.

سەبارەت بە مەرجەکانی سروود مامۆستا عەبدولعەزیز دەڵێ: سروود لە گۆرانیی ئەڤینداری، یان کۆمەڵایەتی جیاوازە، لەو کاتەدا دەوترێت کە ڕووداوێکی گرنگ و گەورە لە نێو میللەتدا هەبێت، وەك شۆڕشێك، یاخود پێشکەوتن، یان شەڕێك کە بە سەر میللەتدا سەپێندرابێت، بۆیە پێویستە تێکستەکەی زۆر بەهێز و کاریگەر بێت و بە وردی هەڵبژێردرابێت، ناکرێ هەر کەسێك بێت و تێکستی سروودێك بنووسێت، دەبێت کەسێکی بە ئەزموون و ناسراو ئەو کارە بکات کە ناو و سەنگی خۆی هەبێت، ئاوازەکەیشی دەبێ کاریگەریی لەسەر هەستی پێشمەرگە و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە هەبێت.



بورهان محەمەدی هونەرمەندیش پێوایە سروود تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لەم بارەیەوە دەڵێ: سروود جیاوازە لەگەڵ گۆرانی و ئیقاعەکانی مارشی سەربازییە، بەداخەوە دەڵێم زۆرێك لەو بەرهەمانەی بە ناوی سروود لە میدیاکان بڵاودەکرێنەوە، غەدرە ناویان بنێین سروود، من ڕێزم هەیە بۆ ئەوانەی دەیڵێن، بەڵام لەوانەیە دەنگی ئەو بۆ سروود نەبێ، یاخود لەو بوارەدا سەرکەوتوو نەبێ، کەسانێك هەن دەنگیان بۆ گۆرانیی سۆزداری گونجاوە، کەچی دەبینی سروود دەڵێن، هەست دەکەم تەنیا بۆ ئەوەیە بڵێ منیش ئەوەتام سروودم هەیە،پێموایە ئەگەر نەیڵێن زۆر باشترە.